# سەرفراز وسەرکەوتووە ئەگەر ڕاست بکات

له تەڵحەی کوڕی عوبەید الله وە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ئەهلی نەجد کە قژی پەرش وبڵاو بوو، وگوێمان لە بەرزی دەنگی بوو، ونەمادەنزانی چی دەڵێت، هەتا نزیک بووەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپرسیاری ئیسلامی لێی کرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێنج نوێژ لە ڕۆژ وشەوێکدا»، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ نوێژێکی ترم لەسەرە (جگە لەم نوێژە فەرزانە)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت نوێژی سونەت بکەیت، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان»، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ ڕۆژوویەکی ترم لەسەرە (جگە لە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت ڕۆژووی سونەت بگریت»، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی زەکاتی بۆی کرد، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ (بەخشینێکی) ترم لەسەرە (جگە لە زەکات)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت خێری سونەت بکەیت»، پیاوەکە دوور کەوتەوە ودەیووت: والله، هیچ شتێک بۆ ئەمانە زیاد ناکەم وهیچیان لێ کەم ناکەمەوە، «بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سەرفراز وسەرکەوتووە ئەگەر ڕاست بکات.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پیاوێك لە خەڵكی نەجد هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە قژی پەرش وبڵاو ودەنگێكی بەرزەوە، ونەدەزانرا چی دەڵێت، هەتا نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپرسیاری سەبارەت بە ئیسلام كرد؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرەتا باسی نوێژی بۆ كرد، وپێی فەرموو كە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەری فەرزكردووە لە ڕۆژ وشەوێكدا. پیاوەكە ووتی: ئایا هیچ نوێژێكی تر لەسەرم واجبە جگە لەم پێنج نوێژە؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە نوێژی سونەت بكەیت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەو شتانەی خوای گەورە واجبی كردووە؛ ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان. پیاوەكە ووتی: ئایا هیچ ڕۆژووگرتنێكی تر لەسەرم واجبە جگە لە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە ڕۆژووی سونەت بگریت. پاشان باسی زەكاتدانی بۆ كرد. پیاوەكە ووتی: ئایا هیچ خێركردنێكی ترم لەسەر واجبە لەپاش زەكاتدانی فەرز؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە خێر بكەیت. پاش ئەوەی پیاوەكە ڕوونكردنەوەی ئەم فەریزەتانەی بیست لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ دووركەوتەوە وسوێندی بە خوای گەورە خوارد كە پابەند دەبێت پێیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێكیان بۆ زیاد كات وبێ ئەوەی لێیان كەم بكاتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش قسەكانی پیاوەكە فەرمووی: ئەگەر پیاوەكە ڕاست بكات لەسەر ئەوەی سوێندی لەسەر خوارد ؛ ئەوا لە سەرفرازان دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3700

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee